
# عەبدولستار تاهیر شەریف پێش تیرۆرکردنی باس لە لەناوبردنی خۆی دەکا


د. عەبدولستار تاهیر شەریف


محەمەد موکری

**نامەیەکی بڵاونەکراوەی عەبدولستار تاهیر شەریف بۆ محەمەد موکری**

ڕۆژی ١٩٩٩/١/٥، نووسەر و مامۆستای زانکۆ "عەبدولستار تاهیر شەریف" لە نامەیەکی بۆ نووسەر و ڕۆمانتووسی گەورەی کورد "محەمەد موکری" لە ئەستەنبۆلەوە دەنووسێ و دەنێرێ، بەناوی "باوکی سەردار" دیارە باوکی سەردار خۆیەتی واتا "عەبدولستار تاهیر شەریف" لە ناوەڕۆکی نامەکە باسی زۆر شت دەکات، بەتایبەتی پێشبینی لەنێوبردنی خۆی دەکات، کە لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا نەیتوانیوە درێژە بە ژیانی خۆی بدات و بۆیە بڕیاری سەرهەڵگرتنی دەدات و لە ڕێگەی قاچاغچییەکانی کورد دەخوازێ بچێتە ئەوروپا. مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە ئەوەندە گرنگە بەلای ئێمەوە کە خوێنەران و توێژەران ئەوە بزانن، کە هەر تاکێک لە کۆمەڵگای کوردەواری خەون و خولیای خۆی هەیە، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ئەو کەسە، کەسێکی نەخوازراو بێ. بۆیە نامەکەو دەقی نامەکە وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە..

**بەدرخان**

**ئەستەمبول — ١٩٩٩/١/٥**

برای بەڕێزو خۆشەویستم کاک محەمەد موکری.

پێشەکی لە کەناری دەریای مەرمەڕەوە ناسکترین سڵاوت پێشکەش دەکەم، لەهەمان کاتدا بە ڕێگای جەنابتەوە سڵاو لە برایان ئەبو شەهاب و عەباس ئەلبەدری و مستەفا سالح کەریم و محەمەد نوری تۆفیق و جیهاد دڵپاک و عەلی کەریم و حوسێن میسری و خوشکە شەپۆل و ستران و فریاد و دڵشاد و شێرکۆو هەموو ئەدیبان و ڕۆشنبیران و نووسەرانی پەیڤین و کوردستانی نوێ و ئیتیحاد دەکەم. ئەوانەی بە ڕێککەوت چاوت پێیان دەکەوێ.

ئەم نامەیەم ڕۆژی ١/٥ لەسەر کەناری دەریای مەرمەرە نووسی. لەوکاتە یادی جەنابت و ڕۆشنبیرانی کوردم کردەوە، کە ماوەی ساڵ و نیوێکە لێیان دوورکەوتوومەتەوە. حەزدەکەم هەموو دۆستان و برادەرانم بزانن دەرچوونم لە سلێمانی بەناچاری بوو. لەبەرئەوەی گەیشتمە ئەو قەناعەتەی لەناو دەدرێم، هەرچۆن لە بەغداو هەولێر هەڵاتم دەبوایا لە سلێمانیش دەربچم لەگەڵ جیاوازییێک لەنێوان هەرسێ دەرچوونەکانم، وابزانم جەنابیشت هەستت بەم حاڵەتەی دەکرد بەم دواییە لە سلێمانی. هەرچەندە گلەییم لەکەس نییە، لەبەرئەوەی من باوەڕم وایە ژیان زۆرانبازییە لەم زۆرانبازییەش گۆرەپانی زۆرانبازییەکە لە کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستای جێگای منی تیا نابووەوە.. من پڕ بەدڵ حەزم دەکرد لەبواری زانستگاو نووسین و کۆڕ بەستن و خزمەتی کورد بکەم، بەڵام عەرەب وتەنی "تجری الرياح بما لاتشتهي السفن" با مەلەوانێکی باشیش بی، بەڵام لە دەریاییکدا شەپۆلەکانی تووڕەو بە تەوژم بن، مەلەوانەکە دەبێ چاوەڕوانی دامرکاندنەوەی شەپۆلەکان بکا. ئەوکاتە خۆی لە ئاوی دەریاکە بدا. ئەم حاڵەتە جەنابت لە ژیانتا هەرچەندە بە تەمەن لەمن بچووکتری بەسەرت هاتووەو باش دەزانی.

برای بەڕێزم کاک محەمەد، ئەم چەند دێرەی سەرەوەم نووسی، مەبەستم لە نووسینیان ئەوەیە، ئەو برا نووسەرانەو ئەدیبانە لە دانیشتنەکانیان گلەییم لێ نەکەن، کە کوردستانم بەجێهێشت، دووبارە قەت و قەت حەزم ناکرد بەجێتان بهێڵم، بەڵام بەرامبەر بە من وابزانم "بلغ السيل الزبا" هەندێ شت هەیە ناتوانم بە نامە بۆتی ڕوون بکەمەوە، بەڵام باوەڕم وایە زۆرمان نەماوە بگەینەوە یەک، ئەوکاتە لەوانەیە بەدەم گەلێ شتت بۆ ڕوون بکەمەوە.

بە حوکمی ئەوەی لەشاری ئەستەمبۆل دەژیم لەناو قورگی ئەوروپا وا دێتە پێش چاوم مەسەلەی کورد هەنگاوی زۆر بەپەلە بەرەو دەوڵەتی کوردی دەنێ و لێرە بە ئاشکرا سیاسییە تورکەکان تا دەگات بە سەرۆکی وەزیران ئەجەوید وا دەبینن دەوڵەتی کوردی دادەندرێ لە کوردستانی عیراق.. ئینجا دەکەوێتە سەر ئێمەی کورد چەند دەتوانین سوود لەم وەزعەی ئێستای عیراق وەربگرین.

کاک محەمەد. ئێستای دیراسەتێکم بەدەستەوەیە لەژێر ناونیشانی "کورد بۆ کۆچ دەکا" چاوم بە ٦٥ قاچاغچی کوردی قۆلبڕ کەوتووە لەگەڵ ٣٥٠ نەفەر ئەو کوردانەی لە کوردستانەوە دەچوون بۆ ئەوروپاو قاچاغچییە کوردەکان قۆڵیان بڕیون. انشاالله دەرچمە دەرەوە بڵاوی دەکەمەوە.

**لەکۆتاییدا دەستەکانت دەگوشم.**
**برات باوکی سەردار**